# پێخەفی خوێن...دەروازەی مەرگ

عومەر کەریم بەرزنجی

دڵێك سیخناخ بە قەلەقی خۆکوشتن و
باخچەیەك هەراسان لە دەنگی پەپوی وێرانەیی
مانگێك شەرمنتر لە بوکێکی حەرەمسەرایەکی نامۆ
کەڤاڵێك لیوان لێو لە پرسیاری قەرەجێك...
شەوێك ڕەشتر لە دڵی حەجاج و
سامناکتر لە فوارەی خوێنی حەلاج.
ئەمشەو لەناو خوێنی خۆما گینگڵ دەدەم...
تۆ هەرنایەی...فڵچەیەك لەو خوێنە وەردەی
تابلۆی مەرگی ئەو گوڵەباخانە بکێشی
لە دواژواندا هەڵوەرین.
ئیتر شەوەو مەحاڵە رۆژ ببێتەوە
تۆی تامەزرۆ لە پێخەفی لەزەتێکدا
باڵای چنارێکی نامۆ: لە ئامێزی گەرمت دەگری
منیش تەنیا ئا لەم پێخەفی خوێنەدا...
تاریکی لە ئامێز دەگرم
ئیدی ناخوازم کازیوە، لە دەرگای دڵی شەوبدا
تا من لەناو ئەم خوێنەدا
دەبم بەمۆمیا کراوێ
ئەویش لەناو پێخەفی گەرمی لەزەتدا...
دەگاتە ساتی ئۆرجازم.
لەوەنەوزی ئەو شمشێربازە مەڕوانە
خوێن دەفتەری زاکیرەی ئاودەدا
خوێن گوڵە هەڵوەریوەکان یاداشتەکات
ئێوارەیە بایەك گەمە بە پرچی خۆرهەتاو دەکا

دەرگاكانی ئومێد دادەخرێن
دەرگاكان دەبن بەتابووت
سروشت وەكو نەقاشێكی فاشیل
فڵچەكەی لە خوێنم وەردەدات
فڵچەكەی بۆنی مەرگی لێدێ و
دەستی بۆنی شەهوەت
چی حیكمەتێك لە داخستنی دەرگاكانی نوردایە،
ئەی قەدەر
لە پەنجەرەی تەم لێنیشتووی ئەم بوونەوە،
مریەم بەخاچێكەوە دێت
ڕاڤەی خەونی ئەو كچە موراهیقانە دەكات
لە كەڤاڵی ئەو باخچە سووتاوانە ڕادەمێنێ.
لەزەت شمشێرێك بوو، پێخەفەكانی ئومێدی كردەخوێن،
عیشق جەلادێك بوو.
ژوانەكانی پڕكرد لە بۆنی مەرگ و دڕكی نەفرەت.
بایەك دێ و،
قاپووتی سەوزی بەری درەختەكان توڕدەدات
زێوانێك بەدیار تابووتەكانەوە: هەڵدەكورمێ
مەسیح بە پشتی كۆم و گۆچانێكەوە دێو
ڕاڤەی پاكیزەیی ئەو مریەمانە دەكات:
ئەو مریەمانەی, بەدەم هەڵكردنی مۆمێكەوە
خەنجەرێك:
خەونەكانی خۆشبەختی ئاوێزانی خوێن دەكاو
شەربەكانی ئومێد....
پڕدەكات لە دوكەڵ
ئەو تەمانە نارەونەوە، قەلەڕەشێك لە باخچەكەدا
دەنووك لەو هەنارانە دەگرێ و
نێرگسێك نەزیفی لەزەت دەیگرێت
مارێك لەنێو گەڵا وەریوەكاندا،چاو لەو سێوانە دادەگرێت.
ڕاڤەی جوتبوون، بۆ گێلاسەكان دەكات و

له دەرگاكانی حیكمەتەوە
له شەیتانی بوونی ئەو نێرگسانه دەڕوانیٚ
كه ئامێزیان بۆ ئەو ڕێواسانه دەگرتەوەو
چاویان لەو پەروانانه دادەگرت
له حزووری شەمدا دەتوانەوە.
حیكمەتەكانی عاشقبوون
له جووت بوونی دوو پەپوولەدایە
بەسەر پەلی سەوزی دارچناریێكەوە
ئەی باڵندەی شەكەتی دڵ
ڕێگاكان دەمانبەنه نێو ئەو كوخەی
لەشەوی لەدایك بوونماندا
كەنارییەكان...
تەڵقینی مەرگیان داین و
نەمانتوانی
له پەنجەرەكانی ئومێدەوە
لەو كۆتره خۆشبەختانه بڕوانین
بەئاسمانی حوزندا...
هەڵدەفڕین.
تۆ دێیت و ڕاڤەی مەرگم بۆ دەكەیت، خودام بۆ پێناس دەكەیت:
دەشیٚ خودا له دڵۆپە بارانێكدابێت
یان له بەری درەختێكی هەناردا
خودا لەوێوەدێت...ئەوێی زێدی حەوا
بەخاچێكەوە دێت
خ
خ
خ
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
چ
چ
چ

خودا دێت و بۆن بەو سێوانەوە دەکات، سێوی مەرگ
لە باشورەوە بایەك دێ و
گەڵای سەوزی کالیپتۆسەکان، دەوەرێن

تۆ نایەی تەڵقینی ئەو گوڵانە دادەیت و
وەسێتی ئەو پەپولانە بنووسیتەوە
بای ژەهری باشور باڵەکانی هەڵوەراندن
کێ حیکایەتی ئەم کۆچەم ڕاڤە دەکات
خودایە لە باڵندەیەکی پەراگەندە دەکەین

بەخاچێکەوە دێینە حزورتان.
بە ئەستێرەکەی داودەوە دێین،
بەر لەوەی ڕاڤەی مەرگم بۆ بکەیت،لەو
کچە عیشوەبازە دەپرسم:

چۆن ئەو ئێوارەیەت لە یاد کرد
تارای خەمێکت لە سەرتا فڕێداو
کچێنیت، بەعەلاگەی ژورەکەتا هەڵواسی
مۆمەکان کوژانەوە
چما زوو فێری ژەندنی ئەو شمشاڵەو

سۆزی دەروێشیانەی عەشق و
عیشوەی پڕ ئەفسونی
شەوە سورەکانی لەزەت بوویت.
خۆت دەتگوت، چیدی بەو گۆڕستانە

غەریبەدا تێنا پەڕم
لە دەریایەکدا مەلە ناکەم
مەرگ لە دەرگای لەشی ماندوم بداو
مانایەك بۆ ئەم مەرگەمان
لە دووتوێی هیچ فەرهەنگێکدا نەدۆزمەوە.

لە بەردەمی ئەو گۆڕەدا چی دەکەیت؟!
ئەی ئیبراهیم بتەکانی نەڕماند!!!
ئیدی بۆ کڕنووش بۆ ئەو بتانە دەبەیت؟
بزمارەکانی ناو لە پەم هەڵدەکێشم

لە حزوری حافزدا،

قاوەیەك بۆ بەختی خەواڵوم دەگرمەوە

چیتر لەو دەرگایە نادەم

لە پە نجەرەی ماڵە چۆڵەکەی دڵمەوە

هەواڵی ئەو قەیرە کچانە دەپرسم

جەنگ نامەی دۆستەکانی سووتاندن.

خودایە تەیرەن ئەبابیلەکان هێور کەرەوە

خودایە لەناو ئەو دڵۆپە ئاوەدا

کە دەیبارێنی

تۆوی درەختێك چێ بکە

درەختی مەعریفەت

چاوە ماندووەکان رونکاتەوە

دڵە رەشەکان پڕکات لە پرشنگی خۆرهەتاو و

نوری ئیلاهی

بەسەرچون، ئیدی رۆمیۆو جۆلیێت جگە لە پاڵەوانێکی کاخەزی

چیدیکە نین، ئەوەی بۆنی وەفاو عەهدە لەتۆ نایەت بەدڵ شایەت

مەرگەوەردێ و بێپە یمانی مەم و زین دەنوسێتەوە

بابا تاهیر لە حزووری باخەوانەکاندا دەوەستێ و

دیرۆکی بێئەمەکی گوڵەکان دەگێڕێتەوە

وەلێ سوهراب لە سەر قەرەوێڵەی بیمارستاندا چاو بۆ گوڵی سور دەگێڕێ

گولێك دەوەرێت، باخەوانێك عارەقی ناوچەوانی دەسڕێتەوە

زێوانێك دیرۆکی خوێن بە ئێسکی کوندەبەبویەك دەنوسێتەوە.